فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی شاخی تۆڕە و شیلانێ و شارباژێڕ و بناری قەندیل و سنووری قەزای ماوەت-یان کردووە



هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئەو زانیارییانەی کە ئاماژە بە هەرشەکی بەرفروانی تورکیا دەکەن بە سەر هەرێمی کوردستان، تورکیا هەرشە ئاسمانییەکانی چرکردووتەوە، ئەوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە (17ـی نیسانی 2024)، فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی لەفڕۆکانی کورتەکیان لە بناری قەندیل کرد و هەروەها گوندێکی نزیک شارباژێڕیشیان بۆردوومان کرد.

لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا، کامەران حەسەن، قایمقامی ماوەت رایگەیاند،"فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی گوندی کۆڵەکان لە قەزای شارباژێڕ کردووە و خانوویی هاوڵاتیێک بە بۆردوومانەکە ڕووخاوە و زیان بە چەند خانوویەکی کە کەوتووە".

هاوکات، تەنها ئەمڕۆ چوارشەممە فڕۆکەکانی تورکیا بۆردوومانی شاخی تۆڕە و شیلانێ و شارباژێڕ و بناری قەندیل و سنووری قەزای ماوەت-یان کردووە.